# دیدارێك لە گەڵ سدیقە محەمەدی ئەندامی حیزبی کۆمەڵەی ئێران

**ئا: پەری کەریمی نیا**

**ناساندنی سدیقە خان لە چەند دێڕێکدا:**

(من سالی 1955لە شاری سنە لە بنەماڵەیکی مام ناوەندی  لە دایک بوم. بە هوی کاری بابمەوە، سەفەری زۆرمان کردووە و من لە کرماشان وهەمەدان و سنە و تاران دەرسم خوینەوە و لە ساڵی 1977 دا بوم بە ماموستای علوم لە سانەویەی کچان و کوران.

لە سالی 1981 بە هوی لایەنگری لە کومەڵە  لە کاری ماموستایی دەرکرام و بە حوکمی قانون لە هەموو مەشاغلی حکومی مەنع کرام.

لە ساڵی 1983 مەجالی ئەوەم نەما کە لە ئیران بژیم، بویە خوم گەیاندە لای پیشمەرگەی کومەڵە و لە مەقەرەکانی کومەڵە کاری فیر کردن و بار هینانی منداڵانم وە ئەستو گرت. ساڵی 1991لە لایەن un وە بەرِی کرام بو دەرەوی وڵات و ئەوە ماوەی 14ساڵە لە سوید دەژیم. لە سوید درێژەم دا بە دەرس خوێندن و ئێستا وەکوو ماموٚستای بیرکاری وعلوم لە سوید خەریکی کارم. دایکی سی کچم و هاو سەرکەشم پیشمەرگەی کومەڵەیە و ئیستا لە کوردستانە.

من لە دەرەوی وڵات جگە لەوەی  ئەندامی کومەڵە و حیزبی کمونیستی ئیرانم و کارو باری حیزبی خوم بە رێوە ئەبم، یەکێک لە بەرێوەبەرانی رادیو دەنگی ژنانم و هەڵسوراوی بزوتنەوەی ژنانم. چوار ساڵی رابوردو ئەندامی راوێژکاری کومیتەی ناوندی کومەڵە و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کومەڵە بووم. تا ئیستا لە چەند کونفرانسی ژنانی میلەتەکانی دیکە لەوڵاتانی جوراوجور وەک سوخەنران بەشداریم کردوە.)

پ: هەرووک دەزانن ئیوە چەندین ساڵە خەریکی کاری سیاسین، وەک ژنێک لەم پانایەدا ئەزموون و ساوکەی خوتان هەیە پیش هەموو شتێک دەمانەوی بزانیین کە ژنانی ناو کومەڵە و حیزبی کمونیست ئەگەر بمانەوێ مێژوویەکی کارییان بو دەست نیشان کەین، ئێوە ئەو مێژووە چۆن دەگێرنەوە؟

و: کومەڵە چ بەر لە پیک هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و چ دوای ئەو، دەوری هەبوە لە وەدا کە ژنانی کوردستانی لە ئاستێکی جەماوەری دا پێ بنیێتە مەیدانی خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکان دا.

پێش کۆمەڵەش باس لەمافی ژنان بۆ یەکسانی کراوە، بەڵام شانازی کومەڵە لەوەدا بووە کە گەلێک دروشمی لەم بابەتەوەی بردۆتە ناو جەماوەری ژنان و ئەمرۆکە هەرکەس گەشتێک بەناو کوردستانی ئیران دابکات ئەو راستی

یە دەبینیٚ. کۆمەڵە یەکەم ڕیکخراوە و حیزبی کوردستان بوو کە بە یارمەتی ژنانی تیکوشەر بەرانبەر بە پیاو مەزنی جەسورانە راوەستاو و نیگەرانی ئەوە نەبوو کە، دەست بردن بۆ ئەم کێشەیە لە بزوتنەوەی کوردستاندا لاوازی بکات و هیٚزی پیاوانیٚ کە بوٚ موقاوەمەت لە بەرانبەر رژێمی ئیسلامی دا گەلیک پێویست بوو لە دەور پەرەوازە بکات. کۆمەڵە گویێ بە ئەو موحافیزەکارانە لە چەپ و راستەوە نەدا کە نیگەرانی داهاتوی موقاوەمەتیٚ گشتی بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی بوون و لایان وابوو ئەوکیشەیە لاوەکییە و زیان بە یەک گرتوویی خەڵکی کوردستان ئەگەیەنیٚ.

خەبات لە دژی ستەمی نەتەوایەتی و لە دژی سەرکوت و داپلۆسینی دەوڵەتی مەرکەزی پێویستی بە هێزی جەماوەری ژنان هەبوو. و ئەو هێزە نە ئەجولا ئەگەر هاوکات زنجیرێک کە لە بنەماڵەدا ولە کومەڵگادا بەسترابوو بە دەست و پایەوە، بپچڕیٚ و کۆمەڵە دروشمی وەها خەباتێکی هەڵکرد و وەڵامی باشی وەرگرتەوە.

بەم جۆرە بوو کە بەرەبەرە کومەڵە بوو بە جیگای متمانە و هیوای ژنانی شار و دیٚ. لە بنکەکانی گەرەکەکان لە شار ودیٚ، لە شوٚڕاکان، لە کاتیٚ کوچی مەریوان، لە کاتیٚ بەستنی ریگەی قافڵەی عەسکەری رژیمی کوٚماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی کوردستان لە شاری سنە بە هێزی جەماوەر، لە کاتیٚ مان گرتن بوٚ وەدەرنانی پاسداران ولە کاتی جم و جوڵی ئاغاکان و دەرەبەگەکان بوٚ سەر جوتیارانی هەژاری کوردستان، هەزاران ژن هاتنە ناو ئەو فعالیەتە سیاسی و کومەڵایەتیەو هەرشوێنێکی کوردستان تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش لە دەست دەوڵەتی مەرکەزی رزگاری بوو بیٚ، کاریگەری ئەو خەباتەی پێوە دیار بووە. جگە لەمانە ژنانی زەحمەتکێش لە لادێکان کەپێشمەرگەی تێدا بوو بەردەوام زانیاریان لەسەر مافەکانی خویان وەر ئەگرت. لە ئاسایی ترین کاری ناومالڕ تا تەندروستی و پەروەردەی مندالڕ، کیشەی ناو خیزان، فێر کردن و بار هێنان، زەحمتی ئاغا و......

ئێستاش دوای ئەو هەمو ساڵە و کاریگەری ئەو دەورەیە لە خەبات لەسەر خەڵک هیشتا ماوە و ئاستی زانیاری و ڕادەی تەوەقوعاتی ژنان لەم دەورەدا یەک جار بەرز بووەتەوە.

چەکدار بونی ژنان سیٚ سال دوای ئاشکرا بوونی کومەڵە واتە سالیٚ **1982** یەکەم هەنگاو بوو لە مێژووی کوردستان دا بو شکاندنی رچەی بەرابەری، بویە لەو کاتەوە هەم پیشمەرگەی ژن هێزی خویٚ ناسی و زانی لە پیاو کەمتر نیە، هەم بو خەڵکی ناوچە دەرکەوت کە ژنیش وەکوو پیاو ئەتوانیٚ لیاقەت و توانایی خوی لە هەمو بواریک دا بنوێنیٚ. واتە بڕوا بە خوٚیی ژنانی ناو کومەڵە و دەرەوەی کومەڵە زیادی کرد و بو پیاوانی کوردیش ئاسایی بوو کە کچ و ژنی پێشمەرگە ببینن و ریٚزیان لیٚ بگرن و وەکوو پیاوان و چی تر وەکو ئینسانی پلەی دوو سەیری نەکەن.

کۆمەڵە بە سەدان ژنی هێنایە ریزی پێشمەرگە. ژن شان بە شانی پیاوانی یەکسانی خواز هاتنە ریزی خەباتی چەکداری. ژن بو یەکەم جار وەک پیاو ڕویشتە ناو مزگەوت نەک بۆ عیبادەت بەلکو بۆ نیشان دانی ریگەی رزگاری. لە بلند گوی مزگەوتەکانەوە دەنگی ئازادی خوازی هەلبری! پیاوانی دعوەت کرد کە چیتر ژن بە جنسی دوهەم نەزانن!

ژنانی کومەلە ئەرکیکی گەورەیان لە هەلسورانی کاری نهینی و پەیوندی ریکخراوی نهینی و ئاشکرای کومەلە دا بوو و ژمارەی ئەو ژنانەی کە بە هەبوونی منالیشەوە کاری سیاسی یان ئەکرد زور بوو.

لەو ماوە کەمەدا کومەلە پلەی بەرزی دا بە ژن و ژنانیش بە حەق لیاقەت وتوانایی خویان ئیسبات کرد کە شیاوی ئەو جیگایەن. روژ لە دوای روژ گەشەیان ئەکرد و بە خویانەوە ئەناسرانەوە، نە بە میرد و باوک و برا و بنەمالەیانەوە.

پ: ئیوە وەک حیزبیکی سیاسی و چەپ کیشەی ژنان چون دەبینن؟

و: کیشەی ژنان لە روانگەی ئیمەوە هەم کومەلایەتییە هەم سیاسی و هەم ئابوریە:

کومەلایەتیە لە بەر ئەوەی کە پیاومەزنی کە کلتوریکی پاشماوەی دەرەبەگایەتیە و بوتە هوی زالر بوونی پیاو بە سر ژن دا بە هوی شەریعەت و بە هوی دەسەلاتی سرمایەداریەوە بووەتە. کەلتوری زال بەسەر کومەلگادا. بە بی خەبات دژ بە پیاومەزنی ئیمە ناتوانین لە باری جنسیەوە کومەلگایکی یەکسان پیک بینین و خەبات دژ بە پیاومەزنی بە بی خەبات دژ بە ئائین بەرەو پیش ناچی، بویە یەکیک لە کارە سەرەکیەکانی حیزبی ئیمە ئەوەیە کە داواکاری ئەوەین دین دەس لە ژیانی کومەلایەتی خەلک هەلگری و ببیتە ئەمری تاکە کەسی و سەرچاوەی هیچ جورە یاسایەک نەبی.

کیشەی ژنان سیاسیە چونکە ژنان لە هەنگاویکی پیشڕەوی خویان دا لەگەل دەسەلات بەرەو رودەبن ئەگەر ژنان خوشیان نەیان هەوی، نەیارانییان کیشەکە سیاسی دەکەنەوە. پیاو مەزنی دەسەلاتی خوی لە ریگەی حکوومەت کردنەوەی دەپاریزیچ، هەر بویە ژنان پیویستە ئەو سەنگەرانەش کونترول کەن، هەر مافیکی سیاسی کە بو پیاو بە رەسمییەت ناسراوە ئەبی بو ژنیش بە رەسمیەت بناسریت.

کیشەی ژنان ئابوریە چونکە پیاوان لە چوارچیوەی نیزامی سەرمایەداری دا ژنانیان لە سەر بە خویی ئابووری بی بەش کردووە.

ئەورو ژنان هیزی زەخیرەی دونیای سەرماییەن. هەر وەخت پیویستی پیان بیت کاریان پی ئەسپیری و هەروەخت ئیشی پیان نەما ئەیانباتە کونجی مالر. حەق دەستیان لە هەموو دنیا لە پیاو کەمترە! بە بی جیرە و مواجب

هەموو کارێکی ماڵیان پێ ئەکا! وەکوو بەرهەم هێنەری هێزی کار یانی وەکوو دایک کە ئەبێ کرێکار بۆ کار لە کارخانەکان بە عەمەل بینی کەڵکیان لێ وەر ئەگرێ.

کە وا بوو بە بڕوای ئێمە ئەگەر کرێکار وا لە ژێر چەوسانەوەی چینایەتیدا، ژنی کریکار وا لە ژێر چەوسانەوەی چینایەتی و پیاو مەزنیدا، و ژنی کورد وا لە ژێر ستەمی چینایەتی و نەتەوایەتی و پیاوەمەزنیدا.

بۆیە ئێمە لەسەر ئەوبڕوایەین کە جیا لە بیرو باوڕ، جیا لە نەتەوە، جیا لە زمان و جیا لە رەنگی پێست و جیا لە ئاینی و مەزهەب و جیا لە جیاوازی چینایەتی ژنان نیوەی کۆمەڵگان و لە یەک خاڵی سەرەکی دا کە پیاومەزنی واتە ستەمی جنسیە هاو بەشن و بۆیە ئەبێ بۆ خەبات دژ بەم نابەرابەرییە یەک گرتوو بن.

پ: ژنانی ناو کۆمەڵە و حیزبی کمونیستی ئێران چ پۆستێکیان لە ئەستۆدایە واتە ژن لەوێ توانیویەتی رەخنەکاتە ناو سیاسەتەوە و جێگایەکی گرنگ بوو خۆی دابین بکات وئەودابین کردنە تا چ رادەیەک کاریگەر بووە؟

و: ژنان لە سەرەتاوە کومەڵەیان بە پشتیوانی خویان زانی بۆیە روویان تێکرد. لە ماوەیکی دوور و دریژ دا هیزی ژنان و پیاوانی کۆمەڵە خرایە ریگەی گەشە پیدانی بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێران. بەرهەمی ئەو خەباتە بوو کە ژنان پۆستی بەرزیان لە هەڵسوڕانی سیاسی و لە کاری پێشمەرگانەدا بەدەس هێنا. لە کۆمیتەی بەخش و قەزا و مەنتەقەکاندا هەبوون. بەرپرسایەتی بەشێک لە ئۆرگانەکانی ناو کومەڵەیان بەدەس بوو.

و ئەندامەتی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە و حیزبی کمۆنیستی ئێرانیان وەدەس هێناوە.

لە حاڵی حازردا پێنج هاوڕێی ژن ئەندامی لیژنەی مەرکەزی کۆمەڵە وحیزبی کمۆنیستی ئێرانن.

لە دەرەوەی وڵات ژنانی ناو ریزەکانی ئێمە هەم بۆ دابین کردنی ژیانی رۆژانەیان کار دەکەن و هەم چالاکی سیاسیان هەیە کە ئەمە ئاسان نەیە، ئەوە ماوەی چوار ساڵ ونیوە رادیوی دەنگی ژنانمان لە وڵاتی سوید بنیاد ناوە. ئەمە یەکەم جارە ژنی کورد بۆخۆی و سەربەخۆ دەست ئەداتە کاری وا و دەنگی خۆی بو خەبات دژی هەڵاواردنی جنسی بڵاو ئەکاتەوە لە کۆنگرەکانی کۆمەڵە و حیزبی کمۆنیستی ئێران بە ریژیەکی بەرچاو بەشداریان کردوە.

پشتگیری ژنانی بەشدار بوو لە کۆنگرەی یازدەی کۆمەڵە، بووە هۆی ئەوە کە خەبات بۆ یەکسانی ژن و پیاو لەم کۆنگرەدا هاتە ئەولەویەتی کاری ئێمەوە من خۆم دەورەیەک ئەندامی ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە و دەورەیک ئەندامی سەرکردایەتی کومەڵە بووم و ئێستا زۆربەی وەختی خۆم تەرخان کردوە بو کار لە سەر مسڕلەی ژنان.

هەبوونی ژنان لە ناو کۆمیتەی مەرکەزی و باقی کومیتە کاندا، هەم لەسەر ژنان بۆ خۆیان کاریگەری هەبوە و زانیاری و هەست بە بەرپرسایەتی لەواندا پەرە پێداوە و هەم بڕیارەکان و باس و لێکۆڵینەوەکان لە حیزبی ئێمەدا هەمە لایەنەتر و پوختەتر کراوە لە روانگەی ژنانیشەوە.

پ: سدیقە خان ئەمە ئەمرێکی حاشا هەڵنەگرە کە ژنیش دەبێ بەشداری هەموو بوارکان بکات. چ شۆڕش بێت چ بواری ئابووری و.... پێوەندی ئێوە لەگەڵ ژنانی ناوەوەدا چۆنە، واتە زورتر چ کار و بارێکیان پێ دەسپێردرێ بەوپێیە کە پێوەندی گرتن زۆر بە ئاسانی ناگیردرێت؟

و: لە پێوەندی لەگەڵ ژنانی ناوەوە، ئێمە لە ریگای تەلەفون و فاکس و ئینترنت و هیتر.... پێوەندیمان هەیە و ئاگاداری کار و تێکوشانی ژنان لە ئێران و کوردستان هەین و خاڵە لاواز و هێزەکانی ئەناسین و بە کۆبونەوەی جوراوجور تەجروبەی خۆمان بو یەکتر باس ئەکەین و هاو کاریمان هەیە، بەڵام ئەوەندە ئەوان خویان بە هەر شێوەیەک بۆیان بگونجی، خۆیان رێک ئەخەن و سمینارو کۆنفەرانسی خۆیان ئەگرن کە بە لە بەر چاوگرتنی کۆنترۆڵی پۆلیسی ونائەمنی حاکم لە ئێراندا حەتا بە ئاشکرا هەڵسورانی ئەو رێکخراوانە زۆر دژوارە تا بگات بە کاری رادیکاڵ. بەڵام ژنان بەسەر هەموو توند و تیژی حکومەتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دەستیان لەسەر دەست دانەناوە و بوێرانە خەریکی خەباتن بۆ وەدەستەوە گرتنی چارەنووسی خۆیان و گۆڕینی یاساکان بە قازانجی ژنان.

پ: پێوندیتان لەگەڵ ژنانی باشووری کوردستان دا لە چ ئاستێکدایە؟

و: لە پەیوەندی لەگەڵ ژنانی باشوری کوردستان، بە هوی ئازادی سەفەر و هاتووچۆ بۆ کوردستان و هەبوونی ئەمنیەتی سیاسی، دەست وباڵمان کراوەترە. پەیوەندیمان زۆرە و هاوکاریشمان هەیە. رادیۆ دەنگی ژنان لە دەرەوە تا ئێستا چەند جار کۆڕ و کۆبوونەوە و سمیناری داناوە لەسەر مافەکانی ژنان. میوانداری هەڵسووڕاوانی بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات بووین. زیاتر لە چوار ساڵ ونیو، هەمو حەفتەیەک 2 ساعەت برنامەمان بووە، هەم راستەوخۆ، هەم لە سەر تۆری ئینتێرنت بڵاو دەبێتەوە.

وت وێژی رادیوی مان لەگەڵ ژنانی هەڵسوراوی باشوری کوردستان و هەروەها پیاوانی یەکسانی خوازی ئەم ناوچەیە هەبووە. هاورێیانی ئێمە سەفەری کوردستان ئەکەن. ئەدەبیاتی بزوتنەوەی ژنانی باشوور لە دەرەوەی وڵات بڵاو ئەکەینەوە.فیلمی چالاکیەکانی ژنانمان پیشان داوە. لەگەڵ گۆڤارەکانی ئەوی قسە و وت وویژمان کردووە و....

پ: خانمی محەمەدی چ پرۆگرامێکتان بۆ ژنان هەیە چ لە ئێستادا چ لە داهاتوودا؟

و: بو ئێستا، که کاتێکی گرنگه له مێژووی خەباتی ژنان دا، هەل و مەرجی کوردستان و عێراق زۆر حەساسه که به نۆبەی خۆی ئەتوانی ئەزموونێکی گرینگ بێت بۆ خەباتی ژنانی کوردستانی رۆژ هەلات و تەنانەت بۆ هەموو ئێرانیش. به هۆی نزیکی جوغرافیاییەوه و تا رادەیەک تێکەلاوی کۆمەڵایەتیش، کوردستانی رۆژ هەلات و کوردستانی باشوور پەیوەندیان زۆره و هەل و مەرجی کوردستانی باشوور به تایبەت کاریگەری زۆری لەسەر کورستانی ئێران ئەبێت.

له کوردستانی ئێران ئەولەویەتی ئێمه ئەوەیه که بزوتنەوەی ژنان له پرژوبڵاوی بێته دەر*، له رێکخراوی بەرتەسک و مەحەلیەوه بەرەو رێکخراوی بەرین و سەرتاسەری برۆن. داخوازییەکانی ژنان جەماوەری بێتەوه ئێمه بەیان نامەی مافی ژنمان هەیه، دەمان هەو* خاڵەکانی ئەم بەیان نامەیه یەک بەیەک جە* به جە* بێت و خەبات بۆ جێ بەجێ بوونی هەمووی بەردەوام بێ بۆ کوردستانی باشور گۆرینی یاساکانی دەورانی دەسەڵاتی بەعس، خەبات بۆ ئەوەی رێگا نەدرێ مەزهەب به سەرچاوەی یاسادانان له گەڵ باقی داواکارییەکانی ژنان، ناوەرۆکی خەباتی ئێمه پێک دینین,

پ: زۆر سپاس که لەم چاو پێکەوتنه دا بەشداریتان کرد بۆ دوا قسه چ وتەیەکتان هەیه بیفەرموون؟

و: له کۆتاییدا بۆ ئاگاداری زیاتری ئێوه ژنانی تێکوشەر و خەباتکاری زۆر له ریزی کۆمەڵه گیانیان بەخت کردوه که لیرەدا من ناوی ژمارەیەکیان که دەوری بەرچاوو و گەلێک دیاریان له بزوتنەوەی ژنانی کوردستان دا هەبووه وەکوو کادیری لی هاتووی ئەو بواره حیسابیان بۆ دەکرێ بۆتی بەیان دەکەم:

1_ فەریدەی زەکریایی ، سالی گیان بەخت کردن :1980_2_ فائزەیقوتبی 1980_3_ مەستووره شەهسواری1980-ئیعدام کرا_4_ نەسرین کەعبی 1980-ئیعدام کرا_5_ شەهلا کەعبی1980 _ 6_ زبێده خاڵەندی1981 _7_ فەزیلەت دارایی 1981- ئیعدام کرا _8_ وەحیده وەحیدی1981- ئیعدام کرا_9_ زەهرا دانشفەر فەزلی1982-ئیعدام کرا

10_ فەرینوش وەکیل زاده1982- ئیعدام کرا 11_ جەمیله فەتحی1982 12_ فەریده یوسفی1982 13_ ئەڵماس ئەمانی1982 14_ شەوبۆ زاهیدی1983 15_ ئامینه حەسەنی1983 16_ فریشته خوچش خوو1983

17_ پۆران عەجەم پور1983- ئیعدام کرا 18_ فەهیمه تەقەدوسی - ئیعدام کرا 19_ مونیره هاشمی- ئیعدام کرا

20_ مێهری زەمانی 21_ فریشته حەکیمی 22_ بەنەفشه سابتی 23_ جەمیله غەفاری1984 24_ فاتمه رحمانی 1984 25_ شەهلا مەجدی1984 26_ مەستوره ناسری1984 27_ هاجەر فەیزی1984 28_ رونـاک مەحمودزادەه 1984 29_ تاهره ئامانجی1984 30_ فایزه شەهابی1984 31_ مەهناز هەدەفی1984 32_ تەلیعه عەلیرەمایی 1984 33_ فەرەح ئەدمەن1984 34_ ئامینه زمانی(چیمەن)1984 35_ ژیلا عەندلیبی1984 36_ ساحبه ناسری

1984 37_ بەیان سوکری(بەرقرو)1984 38_ شەوبو حەکیمی1984 39_ مەهناز لوتفی1984 40_ توران رەحیمپوور 1984 41_ ئازیتا شەریفی198542_ ناسکە فەتحی(گولالە)1985 43_ حەفسە محەمەدپوور ر(گەلاویژ) 1985 44_ مریەم ساعید پەناه 1985 45_ سانیە بەهرامی1985 46_ کوبرا مارنجی1985 47_ شەریفە تالیبی 1985 48_ درەخشان وەیسی1985 49_ پرشەنگ روستەم گورجی1985 50_ حمیرا باسامی1985 51_ مریەم زاهیدان 1985 52_ زەهرا دانیشفەر1985 53_ خەدیجە ئەحمەدی1985 54_ نەسرین حەسەنخالی1985 55_ مونیرە مودەرسی1985 56_ توبی فیزی1985 57_ شاهدۆخت هوشیاریان(ئازەر)1986 58_ ئاسیە گاگل1986

59_ رەوشەنەک زەنگی1986 60_ شەروین روستەم گورجی1986بۆم بارانی رژیمی بەعس لە مالومە 61_ نەسرین روستەم گورجی1986 بۆم بارانی رژیمی بەعس لە مالومە 62_ حەنیفە رەزایی پور1986 63_ حەبیبە شیروانی 1986 64_ سوسەن فەریقی1987بۆن بارانی رژیمی بەعس لە هەلەبجە 65_ ئارەزو دوستکامی(سەبریە)1987 بۆن بارانی رژیمی بەعس لە هەلەبجە 66_ عەزیزە ئەعزەمی1987 بۆن بارانی رژیمی بەعس لە هەلەبجە 67_ زیبا رەشیدی1988 بۆن بارانی رژیمی بەعس لە هەلەبجە 68_ فەرەنگیس شاهویی1988بۆم بارانی بەعس لە بۆتە

69_ فریشتە رەزایی1988بۆم بارانی بەعس لە بۆتە—70_ مەریەم مەجنون(سەعادەت)1988—71_ ئامینە پەرەستار1988ـ72_ شەهلا کولاقوچی1988 ئیعدام لە شاری سنەـ73_ عەتیە شەریفی(گەزان)1988 74_ زەمانە قادری1988ـ 75_ سارا شەریفی1989ـ76_ شەهین ساعیدی1989

زۆر سپاستان دەکەم کە ئەم هەلەتان بۆ رەخسانم هەر سەرکەتوو بتر